# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

### دوەمین را پۆرت: گرفتەکانی دەرمان لە سنوری گەرمیان

**تشرینی دوەمی** 2017

1/12/2017

# پێڕست



| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |



## بەشی یەکەم: ناساندن

1. پێشەکی
2.کارنامەی یەکەکە
3.ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## 1.پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێك لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.
دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەك زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.
ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.
کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (24) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئاڵەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەك هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێك لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.
بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبون و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشك لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.
هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.
هەروەك بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاك و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

یەکەم: ناساندن
یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.
دوەم: ئامانجی یەکە
1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.
سێیەم: کارەکانی یەکە
1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.
2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.
3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.
4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.
5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵك و حکومەت.
چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە
1.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.
2.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.
3.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەك و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوضەی گەرمیان

1. رادیۆی دەنگ:
رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەك گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێك چالاکی هونەریی).

2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدانو پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.
(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:
گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوك بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.
ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێك قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی:(کەلار و کفری و بەشێك لە قەزای خانەقین.)
لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوك کە  قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێك لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە،پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوك.
بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوە یپارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێك لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان" پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەیگەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

1. دەسپێك :

2. جۆر و کوالێتی دەرمان :

3. بری ئەو دەرمانانەی دێتە نەخۆشخانەکانی گەرمیان :

4. میکانزم و چۆنیەتی دابەشکردنی دەرمان بەسەر بنکە و نەخۆشخانەکاندا :

5. ئەو دەرمانانەی لە سنوری گەرمیاندا کەمن یاخود بەردەست نین :

6. گرفتی دەرمان لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان :

7.گرفتی دەرمان لە بنکەو مەڵبەندەکانی تەندروستی گەرمیان :

## 1. دەسپێك :

یەکێك لەگرفتەکانی کەرتی تەندروستی کەمی دەرمان وخراپی کوالێتی دەرمانە کە وای لە هاوڵاتیان کردوە کاتێك سەردانی نەخۆشخانەو مەڵبەندو بنکەکانی تەندروستی دەکەن ئەو دەرمانانەی لە لایەن پزیشکەکانەوە بۆیان دەنوسرێت بە ناچاری لە دەرمانخانەکانی دەرەوە بە پارە بیکڕن.

**لە سنوری ئیدارەی گەرمیاندا سەرەرای هەبونی ( 52 ) بنکەی تەندروستی و ( 11 ) مەڵبەندی تەندروستی و ( 5 ) نەخۆشخانەی گشتی هاوڵاتیان لە رەوشی تەندروستی رازی نین و بەرپرسانی تەندروستی زۆرینەی گرفتەکان دەخەنەوە ئەستۆی قەیرانی دارایی.**

**لەم راپۆرتەدا گرفتەکانی دەرمان لە سنوری گەرمیان و جۆر و کوالیێتی دەرمان وسەرچاوەکانی هێنانی دەرمان بە وردی دەخەینە بەر باس.**

**لە پێشەکی دا دەبێت ئاماژە بەوەبکەین کەمەبەستمان لە دەرمان ئەو چارەسەرە پزیشکییانەیە کە لەناوەندە تەندروستیەکان دەدرێت بەنەخۆشەکان، لەبابەتی: ( حەپ، دەرزی و ئەمپوڵ، خواردنەوە "شروب" و ...هتد )**

## 2. جۆر و کوالیێتی دەرمان:

**جگە لەوەی دەرمان خۆی قسەو باسێکی زۆری لەسەرە هاوکات یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی پەیوەستە بە دەرمانەوە و رەخنەی زۆری لەسەرە جۆر و کوالیێتیەکەیەتی، چونکە ژمارەیەکی زۆر جۆری دەرمان هاوردە دەکرێت و هەندێك جار گومان لەسەر کوالیێتی ئەو دەرمانانە هەیە کە دەخرێنە بازارەکانەوە.**

**زانیار جەلیل، بەرێوبەری مەڵبەندی تەندروستی سیروان لە خانەقین، باس لەوەدەکات:**
**"ئەوەدەرمانانەی کە بۆ حاڵەتی سەرماو هەوکردن "ألتهاب" و بەشێك لە ئازارشکێنەکان بە کاردێت هەیە، بەڵام بەشێك لەدەرمانەکان لەروی کوالیێتەوە باشنین کاریگەری باشیان نابێت لەسەر نەخۆش".**

**رونیشیکردەوە: "ئەگەر بەشێك لەدەرمانەکان لە کۆمپانیای باشتر بکرن ئەوا بۆ نەخۆش باشترە و کاریگەری باشتری دەبێت".**

**جۆر و کوالێتی دەرمان یەکێکە لەمەرجە سەرەکیەکان بۆ هەبونی دەرمانێکی باش هەندێکجار باس لەوە دەکرێت ئەو تاقیگەیەی بۆ کوالێتی دەرمان دانراوە خۆی گومانی لەسەرە کە وەك کارێکی بازرگانی لەلایەن چەن کەسێکەوە چاودێری دەکرێت و هەندێ دەرمان کە کوالێتیان خراپە چاو پۆشیان لێدەکات.**

**وریا محەمەد، یاریدەدەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، ئاماژەی بەوەکرد: "هەمو دەرمانێکمان هەیەو نەخۆشخانەکانمان کێشەی کەمی دەرمانی نیە، بەڵام ئەو دەرمانانەی کە لامانە باشترین جۆری دەرمان نیە، بەڵام ئەمانەش کەهەیە باشن"**

**باسیلەوەش کرد "هەندێك لەو دەرمانانەی کە ماوەی بەسەر چونەکەی نزیکە دەدرێت بەو نەخۆشانەی کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە چونکە ئەوان لەماوەی مانگێك بەکاری دێنن".**

**لە بەرامبەر ئەمەدا لێپرسراوی بەشی کۆگای دەرمان باس لەوەە دەکات کە هەر دەرمانێك کوالێتی کۆنترۆڵی هەبو ئەوا دەرمانێکی باشەو هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ دەرمانەکانی تر کە نرخیان گران کردون.**

**د. سەعید بورهان، لێپرسراوی بەشی کۆگای دەرمان لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، وتی:" ئەو دەرمانانەی کە لە کۆگاوە دەنێریت بۆ نەخۆشخانەکان و ئەو دەرمانانەی کە لە بازاڕ هەن، هەمان کوالێتییان هەیە پێویست ناکات خەڵك بڕوات دەرمان بکڕێت بە بیانوی کوالێتی باشتر".**

**وتیشی: " ناتوانین هەمو زانیاریەك لەسەر دەرمان بڵاو بکەینەوە، چونکە بە هۆیەوە توشی کێشە دەبین و کەس پشتگیریمان ناکات".**

**چالاکوانێکی کۆمەڵی مەدەنی باس لەوە دەکات کە خراپی کوالێتی و کەمی دەرمان وایکردوە نۆرینگەکان لە نەخۆشخانەکان سەردانکەریان زیاتر بێ.**

**قەیس ئەنوەر، چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی کە لەماوەکانی رابردودا وەکو رێکخراوەکانی گەرمیان بەدواداچونیان هەبوە بۆ کێشەکانی کەرتی تەندروستی لەگەرمیان، وتی: "کێشەی کەمی دەرمان و**

**خرا پی کوالێتی دەرمان هەتابێت زیاتر دەبێ و بە دەگمەن لە نەخۆشخانە دەتوانیت هەمو دەرمانێك وەربگریت، بەڵکو دەبێت ئەو دەرمانەی پزیشك بۆی نوسیویت لەدەرەوە وەری بگریت".**

**بەرێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان باس لەوە دەکات بەهۆی کەمی پارەوە نەیان توانیەوە باشترین جۆر و کوالێتی دەرمان بکرن.**

**د.سیروان محەمەد، وتی: "بە پێی ئەوبرە پارەی بۆ گەرمیان دابین کراوە نەمانتوانیوە باشترین کوالێتی دەرمان بکرین، مانگێك دەوام ماوە لەساڵی 2017 لە ئێستادا هیچ پارەیەکمان لەبەر دەست نەماوە بۆ کرینی دەرمان، بەهۆی هاتنی ئەوە ژمارە زۆرەی ئاوارە بۆ گەرمیان پێدانی دەرمان بەوانیش توشی کەمی دەرمان بوینەتەوە رەنگە وابروات لە چەند مانگی داهاتو دەرما نمان نەمێنێت".**

**بەشێك لەو چارەسەرانەی لە نەخۆشخانە و مەڵبەند و بنکەکان بۆ سەردانیکەر( نەخۆش ) دەنوسرێت، زۆرجار نەخۆش ناچارە لە دەرما نخانەکانی دەرەوە ئەو چارەسەرانە بکرێت.**

**غالب محەمەد، بەرێوبەری مەڵبەندی بەختیاری لە خانەقین باس لەوەدەکات بە گوێرەی پێویست دەرمانیان نیە و بەم هۆیەشەوە کەمتر لە جاران دەرمان دەدەن بە سەردانیکەرانیان "بە پێی پێویست دەرما نمان نیە، پێش دروستبونی قەیران رۆژانە ( 50 بۆ 60 ) کەس دەرمانی وەردەگرت، بەڵام ئێستا بە هۆی کەمی دەرمانەوە ناتوانین هەمو نەخۆشێك بەرێبخەین".**

**وتیشی: "کەمی دەرمان گرفتی بۆ پزیشکەکانیش دروستکردوە بەو پێیەی ناتوانن دەرمان بۆ نەخۆشەکانیان بنوسن".**

**بەرێوبەری مەڵبەندی بەختیاری، ئاماژەی بەوەشکرد: "ئەو دەرمانانەی کە لە کۆگای دەرمانەوە پێماندەدرێت ماوەی بەسەرچونی نزیکە بۆیە زۆر جار دەرمانەکان لای ئێمە ماوەکەی بەسەر دەچێت". رونیشیدەکاتەوە، چەند جارێك لیژنەکەم ئاگادارکردوەتەوە لەسەر نزیکی بەسەرچونی بەڵام پیمان وتراوە گەر بەکارنەهێنرا بیگەرێننەوە بۆ کۆگا".**

**هەندێك لەکارمەندان و هاوڵاتیان قسە لەسەر دەنگۆیەك دەکەن کە پزیشکەکان دەیانەوێت ناوبانگی دەرمانی ناو نەخۆشخانەکان خراپ بکەن، بەوهۆیەی رێکەوتون لە گەڵ چەند کۆمپانیایەکی دەرمان کە برێکی دیاریی کراوی دەرمانی بۆ سەرفبکات، دەڵێت دەرمانەکانی نەخۆشخانە خرا پن یان هەندێك جۆر و مارکەی دەرمان دەنوسێت کە بازرگانین، بەڵام وەك باس دەکرێت ئەم کارانە زۆرتر لە دەرەوەی نەخۆشخانەکانە.**

**لەبەرامبەر ئەم دەنگۆیەدا، بەرێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان وتی: "هیچ ئاگاداری ئەو جۆرە کارانە نین و ئەو جۆرە کارانە سەرپێچی یاسان، کەسیش سکاڵای تومار نەکردوە و هەر کەسێك سکاڵا تۆمار بکات ئیمە رێکاری یاسای دەگرینەبەر".**

## 3. برِی ئەو دەرمانانەی دێتە نەخۆشخانەکانی گەرمیان:

**ساڵانە و لە لایەن وەزارەتی تەندروستی عێراقەوە بەشە دەرمانی هەرێمی کوردستان دەنێردرێت، بەشە دەرمانی گەرمیانیش کە سەرەرِای ئەوەی ئیدارەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام لەلایەن تەندروستی سلێمانیەوە بۆی دەنێردرێت و میکانیزمی بەشە دەرمانی گەرمیان تا ئێستا رون نیە، ئەمە سەرباری ئەوەی بەشە زۆرەکەی تەندروستی گەرمیان خۆی دەیکرِێت.**

**د. سەعید بورهان، لێپرسراوی بەشی کۆگای دەرمان باس لەوە دەکات: "لە سلیمانی بەشێکی کەم دەرما نمان بۆ دێت و نازانین لە عێراق چەندێك دەرمان بۆ گەرمیان دابین کراوە".**

**وتیشی:" لە 80٪ دەرمانەکان خۆمان دەیکرِین".**

**بەگشتی بە سێ ئاست دەرمان دەگاتە تەندروستی گەرمیان:**

**1. وەزارەتی تەندروستی هەرێم ( جگە لەخۆی هەندێکجار دەرمانی هاتوی وەزارەتی تەندروستی عێراق دەنێرێت ).**

**2. لیژنەی کڕینی دەرمان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان.**

**3. لیژنە فەرعیەکانی کڕینی دەرمان لەنەخۆشخانەو مەڵبەندە تەندروستیەکان.**

**بە پێی ئاماری بەشی ژمێریاریی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، لەماوەی ساڵی 2016 دا، بڕی 841 ملیۆن دینار بۆ کڕینی دەرمان لەلایەن لیژنەجیاوازەکانی تەندروستییەوە خەرجکراوە.**

**نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار بە گرنگترین شوێن دادەنرێت و ( 24 ) کاتژمێر دەوامی تیدا دەکرێت رۆژانە نزیکەی ( 150 بۆ 250 ) نەخۆش سەردانی دەکات.**

**هەڵگورد محەمەد، یاریدەدەری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، وتی: "جگە لەو دەرمانانەی کە لەلایەن کۆگای دەرمانەوە بۆمان دێت خۆمان دەتوانین مانگانە بە بەهای 10 ملیۆن دینار زیاتر دەرمان بکڕین ئەمەش دەرفەتێکی باشە بۆئەوەی پێداویستیەکانمانی پێدابین بکەین".**

**سەبارەت بەو بڕە دەرمانەی لە سلێمانیەوە بۆیان دابین دەکرێت بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان ئاماژە بەوە دەکات کە بڕێکی کەم دەرمانیان لە سلیمانیەوە بۆ دێت .**

**د.سیروان محەمەد، وتی:"بە پێی پێویست لە سلێمانیەوە دەرمانمان بۆ نانێردرێت و خۆمان لەلایە لیژنەکانەوە دەرمان دەکڕین بە پێی ئەو بڕە پارەیەی کە بۆمان دابین کراوە".**

**زۆرینەی کارمەند و پزیشکانی کەرتی تەندروستی کڕینی دەرمان لە ناردنی دەرمان لە لایەن وەزارەتەوە بە باشتر دەزانن، بەو پێیەی ناردنی دەرمان ماوەیەکی زۆر بەسەر وادەکەیدا تێدەپەڕێت و زۆرجار دەرمانەکان وادەیان بەسەر دەچێت.**

**دارا حەمەسەعید، بەڕێوبەری مەڵبەندی شەهید د.قاسم لە رزگاری دەڵێت: "مەڵبەندەکەی ئێمە بە پێی پێویست دەرمانمان هەیە و ئەو دەرمانانەی کە پێویستە لەمەڵبەندەکان هەبێت کە ( 15 ) جۆری تایبەتن بونیان هەیە".**

**وتیشی: "بەشێك لەودەرمانانەی کە لە وەزارەتی عێراق وە بۆمان دێ یان کوالێتی خراپە یانە ماوەی بەسەرچونە کەی نزیکە".**

**د.سیروان محەمەد، بەرێوبەرەی گشتی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: "بە پێی ستانداردی رێکخراوی تەندروستی جیهانی هەموو بنکەکان دەبێت چەند جۆرێکی تایبەت دەرمانی تێدابێت کە ئەو برە دەرمانە بۆ هەموو بنکەکان نێردراون".**

**ئاماژەی بەوەشکرد "بە پێی ئەو برە پارەی بۆ گەرمیان دابین کراوە نەمان توانیوە باشترین کوالێتی دەرمان بکرین، (1) مانگ دەوام ماوە لەساڵی 2017 لە ئێستادا هیچ پارەیەکمان لەبەر دەست نەماوە بۆ کرینی دەرمان".**

**بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، لەئاستی بەرێوەبەرایەتی گشتی دا لیژنەیەکی هەیە بۆ کرینی دەرمان، لەسەر ئاستی نەخۆشخانەو مەڵبەندەکانیش سەلاحیەتیان پێدراوە بە پێکهێنانی لیژنەی تایبەتمەند لەخۆیان بۆ کرینی دەرمان.**

**وتیشی: "بەهۆی هاتنی ئەوە ژمارە زۆرەی ئاوارە بۆ گەرمیان پێدانی دەرمان بەوانیش توشی کەمی دەرمان بوینەتەوە رەنگە وابرِوات لە چەند مانگی داهاتوو تو دەرمانمان نامێنێت".**

**جیاواز لەهەمو نەخۆشخانە و مەڵبەند و بنکەکانی تەندروستی لە گەرمیان سەنتەری گورچیلەی دەسکرد لە کەلار راستەوخۆ لەلایە وەزارەتی تەندروستی عێرقەوە دەرمانی بۆ دەنێردرێت.**

**کاروان محەمەد، لێپرسراوی سەنتەری گورچیلەی دەسکرد لە کەلار، وتی: "لەلایەن وەزارەتی تەندروست عێرقەوە دەرمان بۆ سەنتەرەکەمان دابیندەکرێت".**

**وتیشی: " تەنها یەك جۆر شروب نەبێت کە ماوەی دو مانگە نیمانە و بەهۆی هاتنی ساڵی نوێوە ناتوانین بیکرین، هەموو دەرمانێکی ترمان هەیە و کێشەی دەرمانمان نیە لە روی جۆر و کوالێتیەوە".**

## 4. میکانزم و چۆنیەتی دابەشکردنی دەرمان بەسەر بنکە و نەخۆشخانەکاندا :

**دەرمان بەچەند رێگەیەك دێتە کوردستانەوە یەکێك لەو رێگایانە لەلایەن وەزارەتی تەندروست عێراقەوە بڕێکی دیاریکراو دێتە هەرێمی کوردستان یان لە دەرەوەوە دەهێنرێتە هەرێم لە هەردو ئەو شوێنەی دێتە هەریمی کوردستانەوە لەلایان تاقیگەکانەوە چاودێری کوالێتی دەرمانەکە دەکرێت.**

**کۆگای دەرمان لە گەرمیان ئەو دەرمانانەی کە وەری دەگرێت بەشێکی لە سلێمانی کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی عێراقەوە نێردراوە و بەشێکی خۆیان دەیکڕن لە کۆگاکانی دەرمان.**

**د. سەعید بورهان، لێپرسراوی کۆگای دەرمان، وتی: "بۆ هەمو نەخۆشخانە و مەڵبەندەکان و بنکە تەندروستیەکان دەرمان دەنێرین بە پێی خواستی ئەو شوێنە کەداوای دەرمان دەکات".**

**سەرەڕای هەبونی کۆگای دەرمان لە گەرمیان بەڵام نەخۆشخانەیەکی وەك فریاکەوتنی شەهید هەژار ماوە ماوە هەندێك جۆری دەرمانی لێدەبڕێت.**

**هەڵگورد محەمەد، یاریدەدەری بەرێوبەری نەخۆشخانەی شەهید هەژار، ئاماژە بەوەدەکات: "هەندێك لەو ئەم ئەمپولانەی کە لەکاتی پێوە دانی مار و دوپشك و ئەوانەی دژە ژەهرن بەکاردێت لە نەخۆشخانەکەمان نامێنێت بەهۆی ئەوەی ئەم دەرمانانە لەدەرەوە نیە ناتوانین بیکڕین".**

**نەخوشیە درێژخاینەکان کە بەشێکی زۆر دەرمان بەکاردەهێنن مانگانە نزیکەی ( 7000 ) هەزار کەس دەرمان وەر دەگرن، هەندێجار بەهۆی رۆتیناتی ئیداریەوە دەرمانیان نامێنێت.**

**شادی حەمید، لێپرسراوی بەشی نەخۆشیە درێژخایەنەکان لەنەخۆشخانەی گشتی کەلار، وتی:"لەلایە کۆگای دەرمانەوە دەرما نمان بۆ دەبێن دەکرێتو بەردەوام دەرمانی پێویستمان هەیە، هەندێکجار دەرمانان نامێنیت بەهۆی ئەوەی چەند لیژنەیەك دەیبینێت تادەرمانەکەمان پێدەگات".**

## 5. ئەو دەرمانانەی لە سنوری گەرمیاندا کەمن یاخود بەردەست نین:

**بە پێی ستانداردی رێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO بۆ هەمو نەخۆشخانەیەك چەند جۆرێك دەرمان دابین کراوە دەبێت هەبێت، هەندێك جۆر لەو دەرمانانە لەناو نەخۆشخانەکان نیەو نەخۆش دەبێت لە دەرەوەی نەخۆشخانە بیکڕێت.**

**د.سیروان محەمەد، بەرێوبەرەی گشتی تەندروستی گەرمیان، لەمبارەوە وتی: "هەمو دەرمانێکی پێویستمان هەیەو هەندێکجار ئەو دەرمانانەی کە لە کاتی گەستنی سەگ یان پێوە دانی مار و دوپشك بەکار دێن نامێنێت ،بە هۆی نەبونیان لە کۆگانی بازاڕ ناتوانین بیکڕین چاوەڕێ دەبین تا لە سلیمانیەوە بۆمان دەنێرن".**

**سەنتەری گورچیلەی دەستکرد کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی عێراقەوە دەرمانی بۆ دابین کراوە بۆ ماوەی چەند مانگێکە جۆریکی تاییەتی دەرمانی نیە.**

**کاراوان محەمەد، لێپرسراوی سەنتەرەکە، وتی: "یەك جۆر شروبمان نیە ئەوەش لە ساڵی تازەوە ئەگەر بۆمان نەنێرن خۆمان دەیکڕین".**

**عەدنان ئەحمەد، بەرێوەبەری مەڵبەندی گەرمیان لەناحیەی رزگاری، ئاماژەی بەوە کرد: "ئەودەرمانانەی کە بۆ دوپشك و مار و دژە هەوکردن بەکاردێن بەردەست نین، چونکە نرخەکانیان گرانە، جگەلەوانە هەموو دەرمانێکی ترمان هەیە".**

## 6. گرفتی دەرمان لە بنکە و مەڵبەندەکانی تەندروستی لە گەرمیان:

**نەخۆش دەبێت بەچەند قۆناغێك پزیشك ببینێت. سەرەتا لە بنکەو مەڵبەندەکانی تەندروستی چارەسەری سەرەتاییان بۆ دە کرێت، دواتر جۆری نەخۆشیەکەیان دیاری دەکرێت بۆلای پزیشکی تاییەت لەنەخۆشخانەکان.**

**کارزان شەهاب، لێپرسراوی بنکەی تەندروستی ( مام سالّح ) لە کفری ئاماژەی بەوە کرد: "لە ئێستادا بەهۆی هاتنی حەشدی شەعبی ناتوانین دەوام بکەین، بەلأم پێشتر کێشەی دەرما نمان نەبوە رۆژانی ئاسایی ( 50 بۆ 60 ) نەخۆشمان دەبینی".**

**یە کێکی ترلە گرفتەکانی بنکەکانی تەندروستی گەرمیان نەبونی کارەبایە و ئامێری گەرمکەرەوە سارد کەرەوەیە کە زۆر بەی دەرمانەکان پلەی گەرمیکەیان جێگیرە.**

**کارزان شەهاب، وتی: "وەکو هەمو بنکەکانی تر، ئێمەش کێشەی نەبونی کارەبامان هەیە".**

**ئەیاد عەبدولکەریم، لێپرسراوی بنکەی تەندروستی هاجیلەر، وتی: "لەبەر خرا پی بیناو نەبونی کارەبا ئەودەرمانانەی کەبۆمان دێت ناتوانی سودیان لێببین، چونکە زۆر بەی ئەودەرمانانە ئەبێ لە پلەی گەرمی 25 سیلزی هەڵبگرین، بەلأم کارەبامان نیەو دەرمانەکان خراپ دەبن".**

**وتیشی: "ئەگەر دەرمانیش زۆر بێ و کارەبامان نەبێ ئەوا دەرمانەکان خراپ دەبن و ناتوانرێت بەکار بهێنرێن".**

**لە سنورە ئیدارەی گەرمیان ( 52 ) بنکەی تەندروستی هەن کە دەبێت رۆژانە لە کاتژمێر 8ی بەیانی بۆ 12ی نیوەرۆ دەوامی تێدا بکرێت، بەلأم بەهۆی قەیرانی داراییەوە کاتی دەوام کەم کراوەتەوە ئێستا لە هەفتەیەك ( 2 ) رۆژ دەوام دەکەن، بۆیە بەشێك لە هاولأتیان ناچارن رۆژانە بۆ وەرگرتنی دەرمان بڕۆنە ناو شار یان لە مەڵبەندەکان یان لە نەخۆشخانەکان دەرمان وەربگرن.**

**هیوا حەسەن، لێپرسراوی بنکەی تەندروستی گوندی گلێجاڵ، وتی: "بەهۆی ئەوەی کە نەخۆشمان کەمە بەشێك لەدەرمانەکان دەمێنێتەوە و رۆژانە نزیکەی ( 3 بۆ 4 ) نەخۆش دێن، بەلأم ئەو دەرمانانەی کە دەینێرن بۆمان ماوەی بەسەرچونەکەی نزیکە".**

**خرا پی کوالێتی دەرمان وای کردوە کە گوندە دورە دەستەکان سود لەو دەرمانانە وەر نەگرن کە وەری دەگرن.**

**عەبدوڵڵا کاکە، لێپرسراوی بنکەی تەندروستی گوندی ئاوبار، دەڵێت: "بەشێك لەدەرمانەکان کوالێتیان خراپە و ماوەی بەسەرچونەکەیان نزیکە، ئێمە ناتوانین سودیان لێببینین بە هۆی ئەوەی کە (4) مانگ جارێك دەرمان وەر دەگرین".**

**بەشێك لە بنکەکان بە هۆی کەمی سەردانکەرەوە دەرمانەکانیان دەمێنێتەوە و وەکخۆیان دەڵێن هەندێکجار بەرواری دەرمانەکانیش بەسەر دەچێت.**

**هیواحەسەن، لەوبارەوە وتی: "هەندێکجار بەهۆی کەمی نەخۆشەوە بەشێك لە دەرمانەکان ماوەکەیان بەسەر دەچێت".**

**یەکێك لە گرفتەکانی ناردنی دەرمان تێپەڕینیەتی بەو ڕێکارە زۆرانەی کە بۆی دانراوە کە لە وەزارەتی تەندروستی عێراقەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە سنوری گەرمیان ماوەیەکی زۆری پێویستە، ئەمەش وادەکات ماوەی بەسەرچونی نزیك بێتەوە.**

**خالد عەبدولکەریم، بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی ناحیەی مەیدان، ئەو دەرمانە بە باشتر دەزانێت لەلا یەن لیژنەکانی خۆیانەوە دەکڕدرێت وەك لەوەی لە عێراقەوە دێت**
**ئەو دەرمانانەی کە لیژنەی مەڵبەندەکانی خۆمان دەیکڕن کوالێتی باشە و ماوەی بەسەرچونەکەی (2) ساڵە، دەبێت هەر دەرمانێك کە دەکڕێت ماوەی بەسەر چونەکەی کەمتر نەبێت لە (2) ساڵ".**

**بەڵام وادیارە قەیرانی دارایی بەبارێکی تردا بوەتە هۆی ئەوەی کە خواست لەسەر دەرمان بەتاییەت بۆ بنکەو مەڵبەندە تەندروستیەکان کەمبێتەوە، چونکە بەوهۆیەی دەوامکردن تیایاندا کەمبوەتەوە، کەمتریش هاوڵاتیان سەردانیان دەکەن، هەربۆیە روبەڕوی گرفتی دەرمان نابنەوە.**

# 7. گرفتی دەرمان لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان:

**لە سنوری ئیدارەی گەرمیان ( 4 ) نەخۆشخانەی گشتی هەیە و نەخۆشخانەکانی ناوشار سەرەڕای بونی قەرەباڵخیەکی زۆر و ژمارەیەکی زۆر نەخۆش بەڕێوبەرەکانی باس لەوە دەکەن کە کێشەی دەرمانیان نیە**

**بەناز جەلیل، بەڕیوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منالبون، دەڵێت: "کێشەی دەرما نمان نیەو هیچ دەرمانیك ناکڕین کە ماوەی بەسەر چونەکەی نزیك بێت, بەڵام ئەو دەرمانانەی کەلەلایەن وەزارەتی تەندروستی عێراقەوە دێت ماوەی بەسەرچونەکەی نزیکە و ئەمەش کێشەی نیە و بەکاری دێنین".**

**وتیشی: "ئەو دەرمانەی کە لەنەخۆشخانەکان دەدرێن بەهۆی ئەوەی کە بەخۆڕاییە خەڵك وادەزانێ کوالیتی خرا پە, لەکاتێکدا هەمان دەرمانە کەلەدەرەوە دەیکڕن".**

**بەرپرسانی تەندروستی لە گەرمیان باس لەوەدەکەن ئەو دەرمانانەی کە پێویستە بۆ بنکە و نەخۆشخانەکان بونیان هەیە و گرفتیان نیە.**

**هەلگورد محەمەد، یاریدەدەری بەرێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار ، وتی: "هەمو ئەو دەرمانانەمان هەیە کە پێویستە لە نەخۆشخانەکەمان هەبێت, بەڵام بەهۆی ناهۆشیاری خەڵکەوە دێتە فریاکەتن و داوای حەبی ئازار دەکات کە لە هیچ فریاکەوتنێك حەبی ئازار نیە".**

**وتیشی: "هەندێکجار ئەو دەرمانانەی کە دژە بەکتریان بۆ کاتی پێوەدانی مار و دوپشك بەکاردێن، نامێنیت کێشەکە تەنهای لای ئێمە نیە و لە سلێمانیش نیە بەهۆی گرانی نرخەکانیان ناتوانین خۆمان بیکڕین".**

**هاوکات (هێمن محەمەد)، بەرێوبەری نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالد گەرمیانی لەکفری، وتی: "هەندێك دەرمان کە وەك بابەتی جوانکاری بەکاردێن لە نەخۆشخانە نیە، چونکە ئەو دەرمانانەی گرنگن ئەیهێنین".**

**وتیشی :" جگە لەو دەرمانانەی کە لەلایەن کۆگای دەرمانەوە بۆمان دێت خۆمان دەتوانین مانگانە بە بەهای 10 ملیۆن دینار دەرمان بکڕین ئەمەش دەرفەتێکی باشە بۆئەوەی پێداویستیکانمانی پێدابین بکەین".**

## * راسپاردە

1. **بە پێی بەدواداچونەکانمان، تائێستا جەرد و ئامارێکی تەواو بونی نییە لەوەی ژمارەی نەخۆشەکان بە پێی نەخۆشخانەو مەڵبەند و سەنتەر و بنکەکان چەندن و مانگانەو سالانە پێویستیان بە چەندێک برە دەرمان و چ جۆرێك هەیە، ئەمەش وادەکات بڕی دابینکراوی دەرمان بە پێی "مەزەندە" بکردرێت نەك بنەمایەکی زانسنیت و نوسراو، هەرئەمەش وادەکات بڕی دەرمانەکان زیاد و کەم بکات، تەنانەت هەندێك جۆری دەرمانیش بەسەر بچن.**

2. **پێویستە گەرمیان وەکو بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت لەو برە دەرمانەی کە بۆی دێت لە هەرێم و عێراق و رەچاوی ژمارەی دانیشتوانەکەی و ئەو رێژە زۆرە ئاوارە بکرێت لە سنورەکەدان.**

3. **بەدواداچون بۆ پرسی دەرمان پاش کڕینی لاوازە، چونکە ناکرێت دەرمان بگاتە ئاستی ئیکسپایەر بون و کەسیش پێی نەزانێت و ئاگاداری نەبێت، بەڵکو پێویستە لیژنەیەك هەبێت کە ئاگاداری وردەکاری دەرمانەکان و داتلاینیان بێت، ئەم کارەش گران و ئەستەم نییە.**

4. **شێوازی هەڵگرتنی دەرمان تەقلیدییە، بەتایبەت لەگوند و ناوچە دوردەستەکان، ئەمەش وادەکات مەترسی خراپبونیان و بون بە ژەهریان لێبکرێت، بەتایبەت کە نەتوانراوە کێشەی کارەبای کۆگاکانی دەرمان و دەرمانخانەکانی گوند و ناحیەکان چارەسەر بکرێت.**

5. **هەندێك جۆری دەرمان هەیە کە تایبەتن و لە بازاڕدا دەستناکەوێت بۆ کڕین، لە نمونەی ئەوانەی پەیوەندیدارن بە پێوەدانی مار و دوپشك، هەمو سالێك گەرمیان روبەڕوی نەبونی ئەم دەرمانانە دەبێتەوە، بەلام وەزارەتی تەندروستی خەمی لێنەخواردوەو چارەسەری نەکردوە. بۆیە دەبێت ئەو برە**

**دەرمانەی لەوەزارەتی تەندروستیەوە دێتە ناوچەکە، بەزۆری ئەو جۆرە دەرمانە تایبەتانە بن، چونکە جۆرەکانی دیکە دەتوانرێت لەرێگەی لیژنەکانی کڕینەوە دابین بکرێن و لەبازاڕدا زۆرن.**

- **ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

**ئەحمەد حەمید ولی، سەرپەرشتیاری یەکە.**

**زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە.**

**هونەر حەمید مەجید، دۆسیەی تەندروستی.**

**بۆپەیوەندی:**
07702303676– 07480207400
Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org